وتارێکی ڕەخنەیی

# هۆکارەکانی لاوازبوونی یەکگرتووی ئیسلامی

ئیخوان وەکو بزووتنەوەیەکی فیکری هەمیشە لە گەشەدابووە، بەڵام لەبواری سیاسەتدا تەنیا لەسەر یەک ڕیتم دەڕوا لەقەپاغی کۆندا گوزەر دەکا

**سەلمان کۆچەری**

پێش ئـــەوەی بێمـــە ســـەر ناوەڕۆکی بابەتەکە دەمەوێــت بە کورتی ڕاڤەیەک بۆ زاراوەی ڕەخنـــە بکەم، ڕەخنە: بریتییە: لە هەڵسەنکاندن و پێوانە کردنی نووسینێک، کردارێک، مامەڵەیەک یاخود هەر شـــتێکی تر پاشان بڕیاردان لەسەر ئەو شتە لە ڕوی باشی و خراپییەوە.

دیـــارە دوو جـــۆر ڕەخنـــەش هەیـــە ڕەخنەیەکیان زیاتر بۆ بنیاتنان و پەرەپیدانی ئەو شتە کە ڕەخنە گر ڕەخنەکانی ئاڕاستە دەکات جۆرێکی تریان ڕەخنەی تێکشکینەر و هێرشـــکردنە وە هەندێک جار ئەو جۆرە ڕەخنەیـــە دەچێتە باری تەشـــهیرەوە، وە ئەو کەســـانەی ڕەخنە دەگرن دوو جۆرن، هەیانە ڕەخنە دەگرێت بەبێ شارەزابوون لە پشینەی ئەو شـــتەیەی ڕەخنەی لێدەگرێت بەڵکو بەپێی خوێندنەوەی خۆی بارودۆخی ئەو شتە ڕەخنە دەگرێت، ڕەخنەگریش هەیە بە پشت بەستن بە پێشینەو زانیاری لەسەر ئەو شتە ڕەخنە دەگرێت.

من قسەم لەسەر یەکگرتووی ئیسلامیە کە پارتێکی ئیســـلامی میانڕەوەو لەساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە بەڵام ئەندامانی ئەو پارتە زۆرینەیان پێشـــتر لە ناو پارتی ئیســـلامی تر دابوون لە وانە بزووتنەوەی ئیســـلامی و پەیوەندی ئیســـلامی، یەکگرتووی ئیسلامی لەدوای دامەزراندنی ســـاڵ لەدوای ساڵ لە گەشـــە دابوو تا ئەم ســـاڵانەی دوایی ئەو پارتە گەشـــەی کەمی پێـــوە دیارە بەرەو لاوازبوون چووە ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ:

١- کەمـــی گۆڕانـــکاری لەنێـــو دام و دەزگاکانی ئەو حیزبە هەر لە سکرتێرەوە تا دەگاتە خوارو، بۆ نمونە یەکگرتوو چەندین کۆنگرەو کۆنفراســـی بەســـتووە کەچی تا ئێســـتاش هەر یەک ســـکرتێر هەڵبژێرراوە ئەوەش بە اتفـــاق ئەینا باوەڕناکەم تەواوی ئەندامانـــی کۆنگرە قەناعەتیـــان هەر بەو سکرتێرە هەبووبێت.

٢- یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامییە بەڵام زۆر جار ئەم حیزبـــە لە پێناو بەرژەوەندی حیزب پرانســـیپە ئاینییەکانی پشـــتگوێ خســـتووە وە یـــان زۆر شـــلگیری کردووە لەمەســـەلە ئاینیەکان ئەوەش دیارە هەر لە وتارە سیاسیەکانی حیزب ئەوەندەی باسی دیموکراســـی دەکەن ئەوەندە باسی ئاین و ڕۆڵی ئایـــن ناکەن بە واتایەکی تر زۆر جار فەزڵی دیموکراســـی بەســـەر ئایندا دراوە، کـــە من پێموایە دیموکراســـی چەمکێکە لە بنەڕەتدا زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا

دایانهێنا کە خۆیـان یەکەم دژایەتی کەری
دیموکراسین، ڕۆسۆ نوسەری کتابی پەیمانی
کۆمەڵایەتی کە بەباوکی یاسـا دادەنرێت لە
یەکێک لە وتەکانیدا وتویەتی« دیموکراسی
بوونی نیەو بوونیشی نابێت»

ئیهمالکردنی ئاین و گوتاری ئاینی و کۆڕی
ئاینی بانگەواز کردن با ئێمە ئێستا نەڕوانینە
شاشـەکان چوونی ئێسە ڕەمەزانە ناتوانین
قیاسـی ئەوە بکەین، بەڵام ئەوە دیارە کە
یەکگرتوو ئەوەندەی باسی سیاسەت دەکات
یان حیزب دەکات یان ئەوەندەی ئەندامێکی
هۆگری حێزبایەتی دەکات ئەوەندە هۆگری



ئاینی ناکات، بەڵگەشـم ئێسـا یەکگرتوو
هەسـتی بەوە کردووە بڕیـاری داوە لەمەو
دوا پەرە بە بانگەوازی ئاینی بدات ئەمەش
برادەرێکـی هاوڕێم لە ناو ئەو حیزبەدا بۆی
باس کردم وتی لەمەودوا حیزب کار لەسەر
ئەم تەوەرەیە دەکات.

٣- زیاتـر یەکگرتوو لـە بواری فیکریدا
کار دەکات واتە ئەوان وەکو بزووتنەوەیەکی
فکری کار دەکەن نـەوەک بزووتنەوەیەکی
سیاسـی و ئامانجدار بۆ بەدەستەوەگرتنی
دەستەلات.

٤- یەکێـک لە گرفتە سـەرەکییەکانی
یەکگرتـوو ئەندامانی ئەوەیە، کەسـەکانی
ئەو پارتـە گوێ بۆ ڕەخنـە دەگرن بەڵام
توانای قبوڵکردنـی ڕەخنەیان نییەو تەنیا
خۆیان بەڕاست دەزانن نمونەشمان ئەوان لە
هاوپەیمانی چوار حیزبەکەدا سـەرۆکایەتی
هاوپەیمانیەتەکـەو لیسـتەکەیان دەکردو
ڕازیش نەبوون حیزبێکی تر سـەرۆکایەتی
بەشێک لە ئیدارەی هاوپەیمانیەتەکە بکەن
کەچی توشی شکست هاتن دوای شکستیش
ئەوان هەڵەکـە ئەخەنە پاڵ کەسـانی تر
من چەندین جـار لای ئەندامانیان گفتوگۆم
کردووە قەت ڕەخنـە لەخۆیان ناگرن واتە
ئامادەنین سـەرەتا ڕەخنە لە خۆیان بگرن
ئەوجا بچنە سـەر کەم و کورتی کەسـانی
تر، ئەوەش پەروەردەی حیزبە کە لام وایە
پێویستە گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

٥- بە موقەدەس گرتنی قیادە، من لەگەڵ
ئەوەدام دەبێت بەتەواوەتی ڕێزی سەرکردەو
قیـادە بگیرێت نەک ئەوە بەڵکو دەبێت ڕێز
لە هەمـوو کەس بگیرێت چا هەر کەسـێ
بێت سـەرۆک کۆمار تا دەکاتـە منداڵێکی
ناو بێشکە وە، من پێموایە هەموو مرۆڤێک
کە هەسـتی مرۆڤایەتی تێدا بێت دەبێت بە
یەکسانی ڕێزی کەسەکان بگرێت بەدەوڵەمەند
و هەژارو بێدەسەڵات و خاون دەستەڵاتەوە
بەڵام بە موقەدەس گرتنی قیادە هەڵەیەکی
زۆر کوشـندەیە چونکە ئەوە وا دەکات کە
ئەندامانی ئەو حیزبە نەتوانن ڕەخنە بگرن،
وە هەڵەکانـی قیادەش نابین کە ئەوەش وا
لە قیادە دەکات بەرەو قیادەیەکی دۆگمایی
و دیکتاتۆر بڕوات، ئەو هەڵەیە لەنێو حیزبە
ئیسلامیەکان بەدیدەکرێت بە تایبەتی لەنێو
یەکگرتوو پاشان کۆمەڵ تا ئێستا نەمبینیوە
تاکـە ئەندامێکی یەکگرتـو ڕەخنە لە م.
×بەلاحەددیـن بگرێت، بەڵگەشـم لایە کە
ئەندامی یەکگرتوو هەیە ڕەخنەی لە بەڕێزی
گرتووە زۆر بەتوندی بەرپەچدراوەتەوە.

٦- خۆ دابڕین لە گۆڕانکارییەکانی جیهان
بە تایبەتی سیاسـەت نەبوونـی وتارێکی
سیاسـی ڕەخنـە ئامێزو ئۆپۆسیسـیانە،
ئیخوان بزووتنەوەیەکی فکرییەو لە بوارەدا
سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناوە بەڵام لەبەر
ئـەوەی ناتوانـن خۆیـان بگـۆڕن لەگەڵ
بارودۆخدا هەمیشە بوونە قوربانی دەستەڵات
باشـترین نمونەش می×رە کە تاکو ئێستا
ڕۆڵی ئیخوان لە دەستەڵاتدا بوونی نییە لە
کاتێکدا می×ر نیشتمانی دایکە.

٧- نەبوونـی هیز یەکێک لە گەورەترین
کێشـەی ئیخوان بـروا نەبوونـە بەهێز و
چەکـداری بەبڕوای من هەر ئەوەشـە وای
کردووە ئیخوان لە هەموو شـوێنەکان ببێتە
قوربانی دەسـتەلات، هیچ هێزێکی فیکری
و سیاسـی بەبـێ چەک و هێـز ناتوانێت
مەرامەکانی و ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت.

بـەو هیوایـەی یەکگرتووی ئیسـلامی
بتوانێت کۆمەڵێـک گۆڕانکاری لەنێو دام و
دەزگاکانیدا بکات و بتوانێت سوود لەمێژوو
و سیاسەتی پارتە سەرکەوتووەکانی جیهان
وەربگرێـت لە قەپاغی کـۆن خۆی دەرباز
بکات گەر نا ئەگەری هەڵدانی کۆمەڵێک باڵ
و ڕەوت لە نێو ئەو حیزبەدا نزیک دەبێت.